

# داخستنی دۆسییه ی «ڕه وشت«و مه رگێکی هه رزان

13/4/2011

شێرزاد حه سه ن
به شی یه که م

له لاپه ڕه ی «کۆمه ڵایه تی و لاوان»ی - هاوڵاتی -و له ژماره (720 )ی چوارشه ممه دا که ده که وێته به رواری (6/4/2011 )دا ناوونیشانێکی درێژ ده خوێنینه وه که پتر له چوار مانگه چاوه ڕێم تاوه کو بزانم ئه و لیژنه یه ی که وه زاره ت و به رپرسانی په روه رده ی ئێمه پێکیانهێناوه بۆ لێکۆڵینه وه له که یسی تراژیدیانه ی (ره وشت که مال) که له به رواری (21/11/2010) خۆی سوتاند، خۆ سوتاندنی ئه و کچه ته مه ن حه ڤده سالییه که له پۆلی ده یه می ئاماده یی بوو له خوێندنگه یه کی چوارقوڕنه به ڵگه ی شکه ستی په روه رده یه له وڵاتی ئێمه دا که له بری مرۆڤپه روه ری و ژیاندۆستی و خۆشه ویستی و زانستپه روه ری ، کچ و کوڕه کانمان رووه و مه رگ و تۆران و نامۆبوون ده بات، هه واڵی خۆکوشتنه که ی به گوێره ی راپۆرته کان باس له وه ده کات که ره وشت له وانه ی کۆمه ڵزانی قۆپییه ی لێده گیرێت و له لایه ن یاریده ده ری به ڕێوه به ره وه قۆپییه که به ناو پۆله کاندا ده گێرن و رسوای ده که ن، به گه ڕانه وه بۆ سه رچاوه کان ئاماژه بۆ ئه وه کراوه که له لایه ن به رپرسی ئیداره و مامۆستای دیکه سه رزه نشت کراوه و ره وانه ی ماڵه وه کراوه ته وه تا باوك و دایکی بهێنێت، گه رچی ئه و خوێندنگه یه توێژه ری کۆمه ڵایه تیشی تێدایه ، ئاکامه که ی به وه ده شکێته وه که دوای ئه و رسواکردنه ناپه روه رده یییه «ره وشت« نه وت به خۆیدا بکات و خۆی بسوتێنێت، دیاره ئه مه یان نه یه که م خۆکوشتن ده بێت و نه دوا مه رگه سات، کاروانی ئه و خۆکوژی و خۆسوتاندنه به رده وامه ، به تایبه تی له و بیست ساڵه دا که که ناڵه ئازاده کان ده ستیان ده گات به رووداوه کان. له راپۆرته که دا هاتووه که (ژیان عه لی ) وه ك هاوپۆلێکی ره وشت که له خه سته خانه دێته وه و به دڵگه رمییه وه به خوێندکاره کان ده ڵێت – «خوێندکارینه گه ردنی ره وشت ئازاد بکه ن، تازه ئه و رۆیشت«به واتای مردووه ، یه کسه ر مامۆستا (ش) ده ریده کات و هه ڕه شه ی لێده کات، له ته ك سێ کچه قوتابی دیکه دا له پۆله که وه ده ریان ده نێت، ته نیا له به رئه وه ی بۆ ره وشت گریاون، سه رباری هه ڕه شه ی فه سڵکردنیش، مامۆستا (ش) هه ر هه مان ئه و که سه بوو که ناوی ره وشت-ی به پۆله کاندا گێراوه ، وێرای ئه و رسواکردنه پێنج نمره ش له ره وشتی «ره وشت« شکێندراوه . (هه فته نامه ی ر ووداو – ژماره (139) دووشه ممه (29/11/2010) به درێژایی ئه و سه دو سی و یه ك رۆژه ی که به سه ر خۆکوشتنی ئه و کچه قوتابییه دا تێپه ڕیوه تاکه نوسینێك که ئاوڕی له و مه رگه ساته دابێته وه ، نوسینه که ی مامۆستاو په روه رده کار «فایه ق سه عید« بوو که له (ئاوێنه )دا له ژێر ئه م ناونیشانه دا (وه زاره تی په روه رده له کوشتندا به شداره – ژماره (257)و له به رواری (11/1/2010 )دا که له سه ر دێره که دا نوسیوییه تی (هه موو شێوه کانی هه راسانکردن به جه سته یی و ده روونیشه وه قه ده غه یه – سیسته می قوتابخانه کان، به ندی 52 ) که کرۆکی باسه که ی له وه دا چڕکردۆته وه که هۆکاری قۆپییه کردن گه لێك زۆرن و گوناهه که ناگه ڕێته وه بۆ قوتابی قۆپییه کار، به ڵکو کۆی کاره کته رو کایه کان و سیسته می په روه رده لێی به رپرسیارن، هه ر له وه ی نمره هێنانی زۆر و ده رچوون گرنگتره له خودی تێگه یشتن و زانسته کان، بڕوا به خۆنه بوون، که مته رخه می له هه ڵسوڕاندنی کاروباری قوتابی و قوتابخانه ، نه بوونی تێگه یشتنێکی سایکۆلۆژی بۆ گرفت و کێشه کان، فشاری ماڵ و مه کته ب، سه قه تی پرۆگرامی خوێندن و دیداکتیکی خراپ و پرسیاری ته قلیدی که پشت به ئه زبه رکردن و ته لقینکاری ده به ستێت، به واتا په روه رده خۆی هانده ری قۆپییه کردنه « له هه موو کوشنده تر ئه وه یه که هه موو پرۆسه ی تاقیکردنه وه ده چێته ژێرخانه ی تۆڵه سه ندنه وه و هه راسانکردن و نه خۆشخستنی قوتابیان له باری جه سته یی و رۆحییه وه که دواجار ده بێته سیسته مێکی سته مکارانه و پڕ له سزاو زه بروزه نگ، لێره دا پرۆسه ی هه ڵسه نگاندنی قوتابیان له وه ده رده چێت که کرده یه کی پشکنین و گه ڕان بێت بۆ زانیاری ، ئه وه نده ی که قومارخانه یه ، ئه وه نده پرۆسه یه کی هاوکاری و کارکردنێکی کۆبه ندی نێوان قوتابیان و مامۆستایان نییه ، له بری سزادانی کۆی سیسته می په روه رده که گوناهباره له شکه ستی په روه رده و فێرکردندا، په روه رده کاران سزای قوتابیان ده ده ن که قوربانی ده ستی سیسته مه که ن که تیایدا هۆکاری نه بوونی فه لسه فه یه کی په روه رده ی هاوچه رخ فاکته رێکی گرنگی نوشوستی ئێمه یه له و بواره دا، له پاڵ هۆکاره رامیاری و ئابووری و کۆمه ڵایه تیه کاندا. تا هه نووکه سزاو توندو تیژی رۆحی و فیزیکی تاکه ئامرازه بۆ په روه رده و پاراستنی مۆڕاڵی درۆزنانه که دژه به مرۆڤپه روه ری و رۆحپه روه ری . ئه وه ی که به رانبه ر «ره وشت« کراوه به ناوی ره وشتپارێزی و په روه رده وه ، له ناوه ڕۆکدا له و رۆحه سزاخوازه وه هاتووه که پڕه له رق و تۆڵه سه ندنه وه و ئه تك کردن، بۆ هه میشه ش.. دوای مه رگی زۆر هه رزانی کچ و کوڕه کانمان، لیژنه ی لێکۆڵینه وه کان به راپۆرتێکی مردوو کۆتایی دێت که به ده ره له ئه خلاقی په روه رده یی و هه ر هه موو بکه ره کانی ئه و مه رگه ساته رزگاریان ده بێت و به قه زاو قه ده ر تۆمار ده کرێت، هه ر هه مووان ئاشت ده بنه وه ، خۆ کوژه کانیش زمانیان نه ماوه دادگایی ئه و ئه ندام و کاره کته ره کانه بکه ن که مه رگی ئه وانیان وه ها سوك بینوه ، زۆر جارانیش خێزانه کان له و مرۆڤه سادیستانه خۆش ده بن، ئه وه شیان بۆ ئه و کلتووره ده گه ڕێته وه که دایکان و باوکان بڕوایان وایه مامۆستاکان و په روه رده کاران هه ڵه ناکه ن و داوجار ئه م ده سته واژه یه تاهه نووکه بره وی هه یه که ده ڵێت «گۆشته که ی بۆ مامۆستاو ئێسقانه کانی بۆ دایه و بایه ..!«

بێجگه له وه ش زۆرجاران مه رگه ساته کان په رده پۆش ده کرێن و هیچ لایه ن و لیژنه یه ك ئاگادار ناکرێته وه بۆ به دواداچوونی که یسی خۆکوژه کان.

دوای چه ندین مانگ چاوه ڕوانی و خۆراگری ئه و هه واڵه بڵاوکراوه ی لاپه ڕه هه شتی «هاوڵاتی « که تیایدا نوسراوه – «دۆسییه ی خۆسوتانه که ی ره وشت که مال داخرا – ئه و کچه قوتابییه ی پاش ئاشکرابوونی قۆپییه که ی خۆی سوتاند«.

دۆسییه که ی له لایه ن لیژنه یه کی په روه رده وه داخرا، لیژنه که پێکهاتبوو له راوێژکاری یاسایی په روه رده ، وه ك سه رۆکی لیژنه له ته ك به ڕێوه به ری سه رپه رشتیاری پسپۆڕیی ، نوێنه ری یه کێتی مامۆستایان و سه رپه رشتیاری پسپۆری یه که ی ئاماده یی له شارۆچکه ی «رانیه « دیاره لیژنه که مامۆستاکه ی بێبه ری کردووه که بۆته هۆکاری خۆسوتاندنه که ، گه رچی زۆربه ی هاوپۆله کانی ره وشت گه واهی ئه و رسواکردنه ده ده ن له سه ر ده ستی مامۆستا، لیژنه ی لێزان له لێکۆڵینه وه که دا ئاماژه یان به وه کردووه «که هۆکاری خۆسوتاندنه که هه ر هه مووی ناگه ڕێته وه بۆ مامۆستاکه « ئێمه ش ناچارین رۆڵی فاڵچی و قاوه گره وه ببینین که بزانین هۆکاره کانی دیکه چی بوون که بوونه ته مایه ی خۆسوتاندنی ره وشت، ناکرێت لێره دا ئه وه ش له یاد بکه ین که لیژنه که بڕوای به وه بووه که ئه وه ی کراوه ئیجرائاتێکی یاسایی بووه به واتای مه رگی ناواده ی کچه که خرایه ناو چوارچێوه یه کی یاسایی که تیایدا ئه و مه رگه هه رزانه حه ڵال ده کات، له ته ك ئه و هه موو هه قایه ته ی هاوپۆله کانی سه باره ت به شکاندنی «ره وشت«، لیژنه که حاشای له وه کردووه که قۆپییه که ی به پۆله کاندا سه فه ری کردبێت، له پاڵ ئه وه دا باوکی ره وشت که ناوی «که مال زیاد«ه که پیاوێکی جوامێر بووه و پێشمه رگه یه کی دێرین بووه ، هیچ داوایه کی له سه ر ده سته ی کارگێری و توێژه رو مامۆستایان نه بووه ، به تایبه تی چاودێری هۆڵه که ، له هه موویان خۆشبووه ، ئاسانه له وه تێبگه ین که باوکه کان و دایکه کان به میرات بۆیان ماوه ته وه که به ڕێوه به ره کان و مامۆستاکان به پیرۆزتر و گه وره تر بزانن له قوتابیان و مه ردوومه کانی دیکه ، ئه مه یان مۆڕاڵ و نۆرمی کۆمه ڵایه تییه و هه میشه چاوه ڕێ ده کرێت به و رۆحه خێڵه کییه وه له دیوه خانه کان و مزگه وته کان دوای کوژران و مه رگی منداڵه کانمان له یه کدی خۆش بین، ئه وه ی هه میشه هه ڵه ده کات گه وره کان نین، به ڵکو دواجار گوناهه کان ده بنه هی کچ و کوڕه کاڵفام و به دره فتاره کان، به ڵام ده زگای په روه رده وه ك دامه زراوه یه کی هاوچه رخ مه رجه قسه یه کی تازه و جیاوازی هه بێت که به رگری بێت له رۆحی قوربانییه کان، قوربانی ده ستی ئه و سیسته مه داڕزیوو زه بروه شێنه ، چونکه ئێمه له وه دڵنیاانین که ئه گه ر خودی «ره وشت« له و مه رگه وه بهێنینه وه ناو خۆمان و ژیان، ئاخۆ به هه مان شێوه له بکوژه کانی خۆی خۆش ده بێت؟ له وه دا باوك و دایکیش خاوه نی رۆحی کوژراو و دڵی شکاو و جه سته ی سوتاوی ره وشت نین، ئه و قوربانییه کاڵایه ك نییه سوتابێت و فڕێبده ینه ناو گه نجینه ی که ل وپه له کۆنه کانه وه ، مرۆڤێك له داخی عه قڵی رسواکه رو سزاخوازانه ی ئێمه ی ناپه روه رده کار خۆی کوشتووه ، په یوه ندی به به خشنده یی و ده ست ماچکردنی گه وره کانه وه نییه ، دادگا و ده روونناس و کۆمه ڵناس و ئه ندامانی لیژنه که مه رجه بینه زمانی «ره وشت« که هه نووکه مردووه و به زمان نایه ت، مه رجه وه ك کۆمه ڵێك بوونه وه ری ره وشتپارێز رێز له خۆڵه مێشی جه سته ی کچێکی حه ڤده ساڵ بگرین که ئێمه کوشتوومانه ، له سه ر قۆپییه ك که پێنج نمره سه رده خات یان نا، راسته باوکی ره وشت جوامێری نواندووه و ئه و پێی وایه مامۆستا «قودسییه تی « گه وره ی هه یه و په یامێکی پیرۆزی پێیه بۆ خوێندکاران، وه ك له راپۆرته که دا هاتووه ، به ڵام گه ر به و مه نتقه کار بکه ین که مامۆستاکان پیرۆزن و گه ر گوناهیش بکه ن باوکان و ئه ندامانی لیژنه کان ئه ستۆپاکیان ده سه لمێنن، ئه مه یان سه ره تایی کاره ساتی دیکه یه نه ك کۆتایی ته نیا چیرۆکێکی تراژیدی ، گه ر جوامێرییه که ی ئه و باوکه وانه یه کی ئه خلاقی بێت بۆ به ڕێوه به ره کان و مامۆستاکان که چیتر سزاو زه برو زه نگ نه نوێنن به رانبه ر به خوێندکاران، له وه دا ده کرێت هه ڵوه سته بکه ین و که مه کێ به خشنده بین، به ڵام به پیرۆزکردنی مه ردوومه کان، به مامۆستاکانیشه وه ، واتا به خشینی خه سڵه تێکی خواهانه ی مه زن و ده ره وه ی ده سه ڵاتی په روه رده یی و یاسا و مافی مرۆڤ، که ئه مه

یان بۆ هه میشه وا ده کات په روه رده کاران بکه ونه ده ره وه ی گوناهو تاوان و هه ڵه وه .. به رده وامیش هه مان گوناهو سزا دووباره بکه نه وه ، دیسانه وه بکه ونه ده ره وه ی دادگاییکردن و لێپرسینه وه یه کی یاسایی و ئه خلاقی، ئه وه ش واده کات که کاروانی خۆکوژه کان و دۆڕاوه کان و تۆراوه کان له ژیان و خۆشی و زانست نه بڕێته وه ، گه رچی کچان و ژنان له هه موو شوێنه کاندا دووچاری زه برو زه نگ و چه وساندنه وه ده بن: ماڵ، مه کته ب، فه رمانگه کان و کۆی ئه و ده زگایانه ی مێینه کاری تێدا ده که ن.

بکه ره کان هه میشه ئازاد و بێگوناه ته ماشا ده کرێن که زۆریان نێرینه ن، دیاره به رده وام رێژه ی توندوتیژی له به رزبوونه وه دایه ، هه ر بۆ نموونه به گوێره ی نوسین و به دواداچوونێکی خاتوو «مهاباد قه ره داغی « له ژێر ناوی «زه برو زه نگ، سه نگیش دێنێته ده نگ« ئاماژه به وه ده کات که له ساڵی (2009)دا له هه رێمی کوردستاندا (419) ئافره ت له پای توندوتیژی گیانیان له ده ستداوه ، که چی له ساڵی (2010)دا بۆ (595 ) ئافره تی قوربانی به رزبۆته وه که کوشتن و خۆسوتاندنی گرتۆته خۆی ، بێجگه له ئه تك كردن و هه راسانكردنی سێکسی که ده گاته (1202) ئافره ت – هه فته نامه ی رێوان – ژماره - 233.

به درێژایی ئه م نوسینه بیرم له وه ده کرده وه که خوێندنگه یه کی تێکه ڵ له کچ و کوڕ له چوارقوڕنه ئه و رسواکردن و رووشکاندنه ی کچێکی حه ڤده ساڵی کوشنده ترو خوێناویتر کردووه ، چونکه شه رم و به خۆداشکانه وه ی کچێکی گه نج له به رچاوی هه ردوو توخمه که وه ها ئاسان نییه که رووی بێت به رگه ی ئه و ئابڕووچوونه بگرێت، به تایبه تی وه ك کچ و گه نجبوون و ته مه نێکی وا هه ستیارو هه ڵگری ناوی «ره وشت« بێت، خومه که ی خه ستتر کردۆته وه ، ئه و بکوژانه ی ره وشت بۆ یه ك سات خۆیان بخستبایه ته ناو به رگی ئه و کچه و که مه کێ خۆیان له تۆڵه و رق و ده مارگیری دوور بخستبایه ته وه و تۆزقاڵێك ده روونناس بونایه ، مه حاڵ بوو ئه م کاره ساته یان پێ ره وا بوایه و مه رگی ئه وکچه یان ئه وه نده له لا هه رزان بووایه . له سه ر زمانی باوکه تێده گه ین که چه نده به داخه وه له مامۆستاکان خۆش ده بێت که ده یدرکێنێت – «تازه کاره ساته که ر وویداوه !«.

له کۆتایی ئه م که یسه دا و له سه ر زمانی به ڕێوه به ری نوسینگه ی به دواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان له راپه ڕین ئاماژه به وه ده کات که دوای وه رگرتنی وته ی کچه که و که س وکاری سکاڵایان له سه ر هیچ که س تۆمارنه کردووه ، هه ر بۆیه له ڕووی یاساییه وه که یسه که داخرا، له کاتێکدا رێژه ی سوتاندنی کچه (97 %) بووه ، ده پرسین چه نده ره وایه قسه و گوفتار له وه قوربانییه ك وه ربگیرێت که رێژه ی سووتانه که ی وا کوشنده بووبێت؟

سیناریۆ خوێناوییه که به وه کۆتایی هاتووه که یاریده ده ری گوناهبار له پۆسته که ی لابراوه و بۆ قوتابخانه یه کی دیکه گواستراوه ته وه ، که ده کرێت دووباره ی بکاته وه یان نا.. له کۆی راپۆرته که دا لێدوانی دژ به یه کدی ده خوێنینه وه که له زاری هاوپۆله کانی ره وشت و مامۆستایانی خوێندنگه و به ڕێوه به ره که یدا گوێبیستی ده بین، که له ناو ئه و هه ڵلایه دا راستی ئه و مه رگه له هه مووما ون ده بێت و دواجار وه ك ئه وه ده رده که وێت که قوربانییه که تاوانباره نه ك ئه و هه موو بکه ره زیندوانه ی خۆ له کاره ساته که ده دزنه وه که به پله ی یه که م کۆی دام و ده زگاو وه زاره تی په روه رده لێی به رپرسیاره به هه موو کاره کته ره کانیه وه که په یوه ستن به دێژه به ده رخۆکردنی ئه م مه رگه ساته .

ئه فسووس که تاقیکردنه وه تا هه نووکه له گۆڕه پانی جه نگ ده چێت، پڕ له ترس و هه ڕه شه و دڵه راوکێ ، له کۆنه وه وتراوه که له رۆژی تاقیکردنه وه دا مرۆڤه کان یان شکۆمه ند ده بن یان ئه وه تا رسوا ده بن، به تایبه تی که هه ڵسه نگاندن خۆی له بردنه وه و دۆڕاندا دۆزییه وه ، سه رکه وتن یان به زین، سه ربڵند و ژێر یان ملکه چ و گه لحۆ، که دیاره هه موو سه رکه وتن و ژێرکه وتنێکی مه ردوومه کان سه ده ها هۆکاری زاڵی هه یه ، ئه وه ی که به ناوی تاقیکردنه وه وه ده گوزه رێت کوشنده یه و واده کات مامۆستا چاودێره کان که وکۆژی بۆ قوتابییه کان خۆیان مه ڵاس بده ن که پتر له رۆڵی پۆلیس و تاوانبار ده چێت، یان راوچی و نێچیره که ی ، جه للاد و قوربانی ، زۆربه ی جاریش مامۆستا شاگه شکه ده بن به گرتنی قۆپییه و کردنی به بابه تێکی سه رکه وتن و زیره کی و ته ڕده ستی و رسواکردنی کچ و کوڕه کان رۆحی سادیستانه ی ژماره یه ك له و مامۆستایانه تێر ده کات.

مه رگی ناواده ی «ره وشت که مال« وامان لێده کات سه ره ف رێك به ناو جه هه ننه می تاقیکردنه وه و هه ڵسه نگاندندا بکه ین که پتر له هه شتا ساڵه به هه مان شێوه و ریتم رێده کات و نه گۆڕاوه ، که مێکیش ئاوڕ له و شێوازه بده ینه وه که ده کرێت کچ و کوڕه کانمان تیایدا هه ست بکه ن تاقیکردنه وه دووره له سزاو تۆڵه و رق و له قه ناره دان. زۆرجاران تووڕه بوون و بێزاری ژماره یه ك له مامۆستاکان له سه ر هه موو ئاسته کاندا، چ کۆمه ڵایه تی و چ خێزانداری بێت ، یان هه ر گرفتێکی دارایی ، یان هه ڵسوکه وتی کچ و کوڕه کان له پۆله کاندا که به دڵی ئه و مامۆستایانه نه بێت، به سه بۆنه وه ی له رێگای هێنانه وه ی پرسیاری قورس و نمره لێشکاندن و ده رنه چوون تۆڵه ی خۆیان له و قوتابی و خوێندکارانه بکه نه وه ، به واتا هه ڵوێستی دۆستانه و دوژمنکارانه ی نێوان مامۆستاو قوتابی له سه ر ئاستی ده رچوون و ده رنه چوون ره نگ ده داته وه ، له وه شدا هه ردوو توخمه که ، به مێ و نێره وه ، هه ر هه مان دۆخی ناجۆرو ناته ندروست ده ژین. رۆژانی تاقیکردنه وه و بگره رۆژانی زۆری خوێندنی ساڵه کان جۆرێکه له سزا و تۆڵه و چاندنی بڕێکی زۆر له رق و کینه و تۆران له رۆحی قوتابیاندا، ئه و رۆژانه ی پڕن له نیگه رانی و دلگوشران وا ده کات که قوتابخانه پتر له به ندیخانه بچێت، به تایبه تی به و دیزانه ی (تصمیم) که هه شتا ساڵه نه گۆڕاوه ، پتر له قوربانگه (مژبح) ده چێت که تیایدا کچ و کوڕه کان ده بنه قوربانی ، له وه ده شۆرێن که کۆمه ڵێك بوونه وه ری خاوه ن هه ست و نه ست و ئاوه ز بن، له دۆخێکی وا جه هه ننه میدا ئه وان چیتر مرۆڤ نین،به ڵکو پتر بابه تن، که ره سته ن، ئامرازن که کاریان له سه ر ده کرێت، ده بن به شتگه لێك که گیان و خۆشه ویستی و زه ین و زینده گیان تێدا کوژراوه .

ساڵی پار نزیکه ی هه شتا هه زار قوتابی به ناو کوره ی (به کالۆریا)دا تێپه ڕین که به درێژای سێ مانگه پتر، به ر له رۆژی یه که می تاقیکردنه وه دا هه ر وانه یه ك ته نوورێکه و داگیرساوه ، دیاره ئه و کچ و کوڕانه سه ر به هه شتا هه زار خێزانن، نه ك هه ر به ته نیا قوتابییه کان بۆ خۆیان، به ڵکو هه شتا هه زار خانه وه دا به داك و باب و خوشك و براکانه وه غه مگین و نه خۆش و راڕا و ته نگاون، هه م گیرو هه م ره وانن (قبچ – اسهال)ن.

هه ر هه موویان حاموراِبی به نه فره ت ده که ن که گوایه بیرۆکه یه که مین پۆلی خوێندن ئه م دایناوه .